# بەرنامەیەکی کۆمەلایەتی
# نەك بەرنامەیەکی سیاسی



## بزووتنەوەی هاریکاری ( حركة التضامن )

**ئاڵترناتیڤە بۆ چاکسازیە پێشنیارکراوەکانی ( چە پەکان )،**

**( ڕەگ )، ( چوار حیزبەکە )، ( ریفۆرمخوازان )، ( تاڵەبانی )**

له تاقیکردنەوەکانی ژیانەوە فیربووین، تیکرای پارتە سیاسیەکان، بە هەموو جیاوازیە ئایدیۆلۆژیەکانیانەوە، هەمیشە هەولیانداوە بزووتنەوەی کۆمەلایەتی لە سنووری بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا بەند بکەن، ئەوان هەردەم فێری ئەوەن بزووتنەوەی کۆمەلایەتی، بخەنە قالبی حیزبایەتیەوەو بەمەبەستی خزمەتی ئامانجە سیاسیە بەرتەسکەکانی خۆیان ئاراستەی بکەن. پارتی سیاسی، هەمیشە بەرژەوەندی حیزب و سەرکردەکانی، دەخاتە پیش بەرژەوەندی کۆمەلگاو تەنانەت ئەندامەکانی خۆشیانەوە، وە هەردەم بەرنامەیەك پیشنیار دەکات کە بگونجیت لەگەل تاییە تمەندیی ئامانجە سیاسیەکانیدا. هەر لەبەر ئەمەیشە هەمیشە زۆربەی کۆمەلگا ناچار بووە بە گردبوونەوە لە بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتیی دژدا، کە بەرژەوەندی زۆربەی کۆمەل، دەخاتە جیگای بەرژەوەندی بەرتەسکی حیزبایەتی، وە هاریکاری کۆمەلایەتی دەخاتە جیگای بەرەی سیاسی، کۆمەککردن دەخاتە بری پارلەمان، بەرژەوەندی هەموان دەخاتە بری بەرژەوەندی ئەندامانی حیزب، سوودمەندیی کۆمەلگا لە سامانی کۆمەلایەتی، دەخاتە جیگای سوودمەندیی تاییەتی.

میژوو فیرمان دەکات، دواین ئامانجی پارتی سیاسی، هەول و کۆششە لە پیناوی دەستگرتن بەسەر دەستەلاتی سیاسیداو بەکارهینانی بۆ خزمەتی خۆیان و خاوەن سامانەکان، ئەمە لەکاتیکا هەموو بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتی، بەرژەوەندی زۆربەی کۆمەلگا، لە خۆیدا کۆدەکاتەوە. میژوو حیزبیك ناناسیت تیکۆشانی نەکردبیت بە مەبەستی وەرگرتنی دەستەلات و پاشان سەپاندنی دەستەلات بەسەر کۆمەلگادا بەناوی بەریوەبردنی کۆمەلگاوە. ئەمە لە کاتیکا خودی کۆمەلگا خۆی، خۆی دەبات بەریوە و خۆی بنچینەکانی بەرهەمهینان ریکدەخات. پارتە سیاسیەکان هیچ نین جگە لە کۆمەلە بیرۆکراسیەکی مشەخۆر کە قورساییەکی زۆریان لەسەرشانی کۆمەلگا دروستکردووە. ئامانجی پارتی سیاسی و دەستەلاتە سیاسیەکەیان، بەتالان بردنی سامانی کۆمەلگاو دابەشکردنیَتی لە بەرژەوەندی بەرتەسکی حیزبایەتی و دەستەلاتدارانی سیاسی و دامودەزگا پۆلیسی و داپلۆسینەرەکان و دەست و پیوەندەکانیاندا. ئامانجی بزووتنەوەی کۆمەلایەتی، سەرلەنویَ بیناکردنەوەی ئابووری کۆمەلگاو دابەشکردنەوەی سامانی کۆمەلگایە لە بەرژەوەندی هەژارەکانی کۆمەلَ.

پارتی سیاسی هەمیشە سیاسەت دەکاتە پرۆسیسیك بۆ دەستکەوتی تاییەتی و جامبازییش بە کورسیەکانی پارلەمان و پۆستە ئیداریەکانەوە دەکات بۆ بەخشینی ئیمتیازات و پلەو پایەی سیاسی بەو سەرکردە سیاسیانەی کە تەنانەت بەرژەوەندی خۆیان لەسەروو بەرژەوەندی ئەندامانی حیزبەکانی خۆشیانەوە دەبینن. حیزب هیچ شتیکی پیشکەش بە کۆمەلگا نەکردووە جگە لە نەهامەتی و ملکەچ پیکردنی زۆربەی زۆری کۆمەلگا بۆ ئیرادەی دەستەلات و سیاسیە مشەخۆرەکان.

بە پیچەوانەی بەرنامەی سیاسی حیزبەکانەوە، بزووتنەوەی هاریکاری، خواست و ئامانجە کۆمەلایەتیەکان، لە بەرنامەیەکی کۆمەلایەتی فراوانی ناحیزبیدا کۆدەکاتەوە. هەربۆیە ئامانجەکانی بزووتنەوەی هاریکاری، هەرگیز گەیشتن نیە بە پارلەمان، چونکە خودی ئەندامانی پارلەمانیش خۆیان، لەسەر ئەو ئیمتیازاتە سیاسیانە دەژین کە پارتە سیاسیەکان پیَیان دەبەخشن، ئەو ئیمتیازاتە سیاسیانەی سامانی زەوتکراوی

ئەندامانی کۆمەڵگایەو بەسەر ئەندامانی پارلەماندا دەبەخشریتەوە. پارلەمان کۆمپانیایەکی سیاسی هاوبەشی هەموو کۆمپانیا سیاسیەکانە. بۆیە بزووتنەوەی هاریکاری، بەشی یەکەمی دروشمەکانی خۆی، لە دەرەوەی پارلەماندا، بەم جۆرە رادەگەیەنیت:

- ⇦ لەناوبردنی رۆلی حیزب و حیزبایەتی لە ئیدارەی کۆمەلگادا کە خواستی هەموو کۆمەلگایە، ئەمەیش بەرێگای هەلبژاردنی هەموو پۆستە ئیداریەکان لە هەموو ئاستیکدا، وە بە هاوبەشی هەموو ئەندامیك لە ئەندامانی کۆمەلگا نەك پارتە سیاسیەکان.
- ⇦ گیرانەوەی هەموو موڵکە داگیرکراوەکان لە لایەن دەستەلاتداران و سیاسیەکان و کۆمپانیاکانەوە بۆ کۆمەلگا بەبیٚ هیچ مەرجیك، وە یان دەست بەسەراگرتنیان لە کۆمەلگاوە.
- ⇦ داگرتنی کرێی خانوو تا ئاستی داهاتی هەژارەکان، وە یان داگیرکردنی هەموو بیناو خانوە چۆلەکان لە کۆمەلگاوە.
- ⇦ دابینکردنی هاتووچۆی خۆرایی بۆ هەموان لە کاتەکانی دەوامی رەسمیدا، چ بۆ کار چ بۆ قوتابخانە، ئەمەیش بەو واتایەی دابەزینی نرخی هاتووچۆ، بەرزکردنەوەی داهاتی تاکە.
- ⇦ رۆژی کارکردن ٦ سەعات بۆ هەموان لە هەموو دام و دەزگایەکی حکومی و ئەهلیدا، بەمەرجیك هەفتەی کار لە ٣٠ سەعات تیپەرنەکات.

ئەم ئامانجە کۆمەلایەتیانە وەدی نایەن بەبیٚ یەکخستنی بەشە جیاوازەکانی بزووتنەوەکە لە (بزووتنەوەی هاریکاری) دا، وە بەبیٚ بەشداری کردنی لاوان و قوتابیان وەك رۆلەی ئەو خیزانە هەژارانەی کە لە تەواوی خواستە کۆمەلایەتیەکانیان بیبەشکراون، بزووتنەوەیەك کە لە هەمان کاتدا بانگەوازە بۆ هەموو چە پەکان، ریفۆرمخوازان، رەگ، چوار حیزبەکە، حیزبی شیوعی عیراق کە دەستبەرداری کیشمەکیشی ئیمتیازاتی سیاسی و شەری کورسیەکانی پارلەمان بن و لە بەرژەوەندی هەژارەکانی کۆمەلگاوە بروانن رۆلی خۆیان نەك لە بەرژەوەندیە حیزبیە بەرتەسکەکانی خۆیانەوە. پارلەمان ئیرادەی یەکگرتووی دەستەلاتەو پارلەمانتاریستەکانیش بەرەو چۆکدادا نمان دەبەن لەبەردەم ئیرادەی سەرووەرە سیاسیەکاندا.

- o بەرەو یەکخستنی ریزەکان لە دەرەوەی هەموو پارت و ریکخراوە سیاسیەکاندا!
- o بەرەو بزووتنەوەی هاریکاری!

## بزووتنەوەی هاریکاری ( حركة التضامن )

## مانگی ١ / ٢٠٠٩

# پاشکۆ: سامانی نەوتی عیراقی لە سالی ۲۰۰۷ دا

سیاسیەکان و پارلەمانەکەیان، هەمیشەو لە هەموو سەردەمیکدا، دەقیرێنن بە گوێماندا کە گوایە گرفتە کۆمەلایەتیەکان بەرهەمی کەموکوریە ئابووریەکانن، چونکە گوایە توانای ئابووری لەوە نزمترە خواستە کۆمەلایەتیەکان بکاتە واقیع. بەلام بە پیچەوانەوە، گرفتە کۆمەلایەتیەکان بەرهەمی دابەشکردنن، نەك نەبوونی سەرچاوە سروشتی و دارایی و مرۆییەکان.
تەنها ئەم ئامارە رەسمیانەی سامانی نەوتی عیراقی، دەیسەلمینین خواستە کۆمەلایەتیەکان، رەنگدانەوەی واقیعی ژیانی رۆژانەن و داوان بۆ گیرانەوەی سامانی زەوتکراوی کۆمەل لە لایەن دەستەلاتداران و خاوەن سامانەکانەوە بۆ خودی کۆمەلگا خۆی، کە بەکردەوە بەرهەمهینەرو ریکخەرو کارگێری ئەو سامانە کۆمەلایەتیەیە.

## بەرهەمهینانی نەوت:

۲،۰۹٤ ملیۆن بەرمیل لە رۆژیکدا ( ۷٦٤،۳۱۰،۰۰۰ بەرمیل لە سالیکدا )

## ئیستیهلاکی نەوت:

۲۹٥،۰۰۰ بەرمیل لە رۆژیکدا ( ۱۰۷،٦۷٥،۰۰۰ بەرمیل لە سالیکدا )

## ناردنە دەرەوەی نەوت:

۲ ملیۆن بەرمیل لە رۆژیکدا ( ۷۳۰،۰۰۰،۰۰۰ بەرمیل لە سالیکدا )

## نەوتی هەلگیراو:

۱۱٥ ملیارد بەرمیل لە ۱ / ۱ /۲۰۰۸ دا

بە پێی ئەم ئامارانە، بەرهەمهینانی نەوت، بەرێژەیەکی ئیجگار بەرز، لەسەروو ئیستهلاکی نەوتەوەیە لە عیراقدا. وە سالانە، هەر تاکیکی عیراقی، تەنیا لە بەرهەمهینانی نەوت، زیاتر لە (۲۸) بەرمیل نەوتی بەر دەکەویت، وە لە نەوتی نیردراو بۆ دەرەوە ۲۷ بەرمیلی بەردەکەویت. کەواتە هەر سامانی نەوت هەموو فیرەفیریکی سیاسیەکان رەتدەکاتەوە.

دەبیت هەموو ئەندامانی کۆمەلگا، وەك یەك، سوود لە سامانی کۆمەلایەتی و رۆشنبیری وەربگرن.

This document was created with Win2PDF available at http://www.daneprairie.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.